www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   9-1-2007 15:32

# هونەرمەند، نەریمان بابان: هونەری کوردیی زۆری ماوە لەو دۆخە داخراوەی تێیدایە بێتە دەرەوە. ... ئینتەرڤیو: ستیڤان شەمزینانی



پێویست بەناساندنی ناکات، گۆرانییەکانی بۆ خۆی ناسنامەیە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ (نەریمان بابان) بەشاهیدیی هەموو لایەك یەکێك لەو هونەرمەندانەیە بەردەوام لە داهێناندا بەرەو هەڵکشان دەچێ، ئێمە لە بەسەرکردنەوەیەکدا هێنامانە پەیڤین، بابزانین.

ستیڤان: لەدوای ئەوەی چوویتە ئەوروپا، لەچەند گۆرانییەکدا سۆزی خۆت بۆ سلێمانی دەربڕیوە، ئەمە (نالی) شاعیرمان بیردەخاتەوە کە جوانترین چامەی بۆ سلێمانی لە تاراوگەکەیدا نوسیووە، پرسیاری من ئەوەیە تۆ لە غەریبییەوە ئاهێکی قوڵ بۆ شارەکەت هەڵدەکێشی، ئایا نەدەکرا ئەم گوزارشتە فراوانتر بوایەو بۆ وڵات بوایە بەگشتی نەك تەنیا شارێك؟

نەریمان: راستە من گۆرانیم بۆ شارەکەم وتووە، من واتێیدەگەم کە سلێمانی بە تەنیا شاری من نییە، بەڵکو شاری هەموومانە، شارێکە هەتا ئێستا خوێن لە جەستەی دەڕوات، هەتا ئێستا قوربانی دەدات، بەڵام ئەم شارە هێندە دڵی گەورەیە هەتا ئێستا پێی شەرمە بڵێ بۆ واملێدەکەن و بۆ ئازارم دەدەن، برای خۆشەویست من گۆرانیشم بۆ وڵاتەکەم وتووە، لە سیدی یەکەمم گۆرانی (ئەی وڵات) ... من زۆر نیشتمانەکەم خۆشدەوێت.

ستیڤان: تیپی مۆزیکی بابان لەکاتی خۆیدا تیمێکی پێشڕەو نوێکاربوون، هەتا ئێستا گۆرانییەکانی ئەم تیپە دەماو دەم دەوترێنەوەو لە یادەوەریی زۆرێکیشماندا هەرگیز کۆن نابن و بەسەر ناچن ئایا هیچ هەوڵێکتان نییە ئەم تیپە سەرلەنوێ بخەنەوە گەڕ؟ بەبێ ئەوەی بیکەنە مەرج کە هەردەبێ تیپەکە هەمان ئەندامەکۆنەکان بن.

نەریمان: هەموو شتێك چۆن سەرەتایەکی هەیە کۆتاییشی هەیە، تیپی (بابان) یش وەك هەموو تیپەکانی دیکە، چەند ساڵێك خزمەتی کرد، بەڵام ئیتر وا پێویستی کرد لەکارەکانی بوەستێت، چونکە زۆرێك لە ئەندامەکانی چوونە دەرەوەی وڵات، مادام ئەو تیپە یادگاریی جوانی لەدڵی خەڵکیدا هەیە با هەر جواب بمێنێتەوە.

ستیڤان: هونەرمەندانێکی بەئاگاو خاوەن ئەزموون لە رێگەی ئەزموونی خۆیانەوە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کورد کەلەپورێکی هونەریی گەورەی هەیە، بەڵام بەو ئەندازەیە هونەرمەندی نییە کە بتوانێ لە ئاستی ئەو هونەرەدا بێ، یان بەمانایەکی تر ماتریاڵەکانی دروستکردنی هونەرێکی بەهێز لە ئارادایە، ئەوەی لێرەدا غایبە توانا سازیی هونەرمەندە کەلەسەر ئەم ماتریالانەوە داهێنان بکات، وەك هونەرمەندێکی بە ئەزموون لە مبارەوە چ بۆ چوونێکت هەیە؟

نەریمان: راستە کورد خاوەن ماتریاڵێکی زۆر و جوانە، بەڵام هەموو شتێکی جوان بۆ ئەوەی جوانییەکی دەربخەیت پێویستی بەخزمەت هەیە، پێویستی بەماندووبون هەیە، دیارە ئەو کەسانەی ئەمڕۆ کاری

هونەریی دەکەن زۆر مەبەستیانە خێرا دەرکەون و خێرا بناسرێن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی خراپی کردۆتە سەر هونەری کوردیی هەروەك هەموومان دەبینین.

ستیڤان: عەشق سۆبژێکتێکی گرنگی هونەربووە، بەتایبەتی ئەشقی نێوان هەردوو ڕەگەزەکەی مرۆڤ، گۆرانی کوردیی کە زۆر هەوڵیداوە لە بۆتەی عەشقدا بخوولێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من کەمتر توانیویەتی بچێتە ئەو فەلەکەوە، لەتۆ دەپرسم ئەگەر گۆرانییەك بتوانێ گوزارە لە عەشق بکات دەبێ چ جۆرە گۆرانییەك بێت لە هەموو ڕووەکانەوە؟.

نەریمان: بێگومان عەشق بەشێکە لە ژیان، بەشێکە لە ماهیەتی ئینسان، بۆ ئەوەی گۆرانییەکی بەو جۆرە بتوانێت لەم دونیایە نزیك بێتەوە دەبێت لە هەموو بوارەکانەوە جوان داڕێژرابێت، چونکە لە گۆرانیدا هەر لە هۆنراوەوە هەتاوێنەگرتنی گۆرانییەکە دەبێت تەواوکەری یەکتربن.

ستیڤان: دۆزینەوەی ستایڵ و شێوازی تایبەت کارێکی ئاسان نییە، کەم لە هونەرمەندان توانیویانە جۆرە ستایڵێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە تۆ دەتەوێ بە چ جۆرە ستایڵێك گۆرانی بڵێی؟ ئایا گرنگترین بابەت بەنیسبەت تۆوە چییە تا ببێتە ناوەرۆکی گۆرانییەکانت؟ بۆ نموونە عەشق یان نیشتمان؟

نەریمان: ستایڵ لە گۆرانیدا یانی ڕێگە، یانی تایبەتمەندیی، هەرکاتێك هونەرمەند توانای داهێنانی شتێکی نوێی هەبوو واتە ئەم هونەرمەندە توانیویەتی ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە، بەڵام هەتا هونەرمەند خەریکی لاسایی کردنەوە بێت ئەوا لەخۆ ون کردن زیاترو لەکات کوشتن زیاتر هیچی تری پێناکرێت من خۆم لە دنیای خۆشەویستیدا بۆ وڵات و بۆ خاکەکەمدا دەدۆزمەوە، خۆشەویستییەك کە هەموو ساتێکی ئازارێکەو ئاهێکە بۆ نیشتمانە بێ بەهارەکەم، بۆ وڵاتە پڕ ئازارەکەم.

ستیڤان: تاوەکو ئێستا گۆرانی کوردیی لە سنوورێکی (لۆکاڵی) دایەو هونەری کوردیی بەجیهانی نەبۆتەوە، ئێمە بەدووی هۆکانی ئەم گرفتەدا دەگەڕێین، ئایا هۆکارەکە لاوازیی خودی هونەری کوردییە یان کەم توانایی هونەرمەند یاخود ئەو بارودۆخە ناهەمووارەی لەسەر کورد بووە بەگشتی و سنوورەکانی لی بەرتەسك کردۆتەوە؟ بەکورتی ئەو فاکتۆرانە چین هونەری کوردییان لەم بازنە داخراوەدا قەتیس کردووە؟

نەریمان: هێشتا هونەری کوردیی زۆریی ماوە لەو دۆخە داخراوەی کە ئێستا تێیدایە بچێتە دەرەوەو ڕزگاری ببێت، ئەمەش پەیوەندیی بە زۆر شتەوە هەیە، بەکورتی سیاسەتی دەوروپشتمان کە هەمیشە دەم بەستی کردووین، هەروەها بەڕاستی ئەوانەی ئەمڕۆ کەپارەیان لەدەستە کەسانێکی نەزان و نەشارەزان، بۆیە هەرگیز ئەوانە ناتوانن خزمەت بە هونەرەکەمان بکەن، برام ئێمە چەند ساڵێکی زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی بتوانین لەم بەرەی ئێستا بێینە دەرەوە، تازە کورد دەچێت سوود لە هونەری تورك وەردەگرێت، ئەمە نەگبەتییە، چونکە تورك خۆی هیچ هونەرو کولتوورێکی نییە.

ستیڤان: کێشەیەك کە تا ئەمڕۆش بەرەو ڕووی گۆرانیبێژان بۆتەوە کەمیی تێکست و نووسەرانی تێکستی گۆرانییە، بۆیە زۆرێك لە گۆرانیبێژان ناچاربوون تێکستی لاواز بۆ گۆرانییەکانیان هەڵبژێرن، ئایا ئەم گرفتە بەوە چارەسەر نابێ کە تێکستی بیانی بەتایبەت خۆرئاوایی بۆ سەر زمانی کوردیی وەربگێڕین یان لانی کەم قورسایی ئەم کێشەیە کەمتر ناکاتەوە؟ تۆ چ ڕێگا چارەسەرێك بەگونجاو دەبینی؟.

نەریمان: وەك وتم گۆرانی کوردیی لە هەموو ڕووەکانەوە بەرەو لاوازیی دەڕوات، بۆیە تێکستەکانیش هەموویان لاوازن، چونکە هەتا ئێستا هیچ کەسێکمان نییە کە بتوانێت هۆنراوە بنووسێت و خۆیشی مۆسیقی بێت، تێکستی گۆرانی زۆر جیاوازە لە هۆنراوەی ئاسایی و دووانی جیاوازن، بۆیە زۆربەی گۆرانیبێژەکان ناچارن شتی هەلەق و مەلەق بنووسن و تەلەفزیۆنەکانیش بەخۆشحاڵییەوە بۆیان

پەخش دەکات. ئێمە پێویستمان بە تێکستی نوێ هەیە کە بۆ دونیای ئەمڕۆ بگونجێت، کەناخی خەڵکی ئەمڕۆمان بۆ باس بکات نەك ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی کە ئێستا گوێمان لێی دەبێت.

ستیڤان: دەمەوێت بەیەك دێڕ پێناسەی ئەمانەی لای خوارەوەم بۆ بکەیت: (حەسەن زیرەك- ولیەم یۆحەننا- مادۆنا- عەدنان کەریم- خالید رەشید- ئەنوەر قەرەداغی- ئوم کەلسوم- داریوش- دایك- نیشتمان) .

نەریمان: حەسەن زیرەك یەکەم قوربانی هونەری میللەتەکەی بوو، ولیەم یۆحەننا سەربازی ون بووە، مادۆنا هەردەم گەنجەو پیرنابێ، عەدنان کەریم دڵسۆزترین کەسە بۆ هونەرەکەی، خالید رەشید دڵسۆزی میللەتەکەیەتی و مۆمێکە دەسووتێت بۆ هونەر، ئەنوەر قەرەدەغی تەمەنێکی پڕ لە پەیام و پڕ لە ماندووبوونە، ئوم کەلسوم قوتابخانەی دوێنێ و ئەمڕۆیە، داریوش سینەیەکی پڕ لە حەسرەتە، دایك ئەو خۆشەویستییەیە کە هەرگیز ناتوانی لەبیری بکەی، نیشتمان خەوەکانمانە کە بۆی دەژین.

ستیڤان: ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕیارتدا واز لەهونەر بهێنی، چ کارێکی تر هەڵدەبژێری؟ هونەرمەندێکی تر پێ وتم دەبمە فیتەرا! ئایا تۆ چ پیشەیەك سەرپشك دەکەیت؟

نەریمان: ئەگەر ڕۆژێك واز لە هونەر بێنم، بیردەکەمەوە هۆنراوە بنووسم، چونکە هۆنراوە بەلای منەوە خۆشترین دونیایە کە دوورم دەخاتەوە لە دونیای ئەمڕۆ.

ستیڤان: ئەمەیان پرسیار نییە، بەڵکو ئەگەر قسەیەك یان رازو گلەییەت هەیەو لەناختدا پەنگی خواردۆتەوە و هەلت بۆ دەربڕینی دەست نەکەوتووە، ئەم ڕووبەرە ئازادە بۆ ئەوەی ئەو رازەی خۆتی تیا بدرکێنی.

نەریمان: من تەنها دەمەوێت بڵێم، وڵاتەکەم بیرت دەکەم، ناتوانم هەرگیز بێ خەیاڵەکانت و یادگارییەکانت بژیم، ئەگەرچی ئەمڕۆ دوورم لێت بمبوورە، چونکە لە هەموو هەناسەیەکمدا ئازارێکم کۆکردۆتەوە، کە چاومان بەیەك کەوتەوە لێم دەبووریت، خۆشم دەوێی کوردستان، بۆتۆ دەژیم.

Shamzini79@hotmail. com